




# گۆڵاڵەی جیهانی منداڵان

ئادار گۆڵاڵەیکی رۆگەش و شیرین وناسکی ناسراوە لە جیهانی منداڵانی پارێزگای دهۆک و هەموو ئەو دەڤەرانەی پەخشی Ktvدهۆک دەیانگرێتەوە. زیاتر لە چوار ساڵە ئەم گۆڵاڵەجوانە بەشداری لە بەرنامەکانی منداڵاندا دەکات، چەند بەرنامەی وەک (بەختی خۆت تاقیکەرەوە)، (هەمەرەنگ)، (رۆژانی بەرنامەی زارۆکان) پێشکەش دەکات و لەرۆژانی بۆنەوجەژنەکاندا سەر لە منداڵە جوانەکان دەدات و وت و وێژیان لەگەڵدا دەکات.

ئادار سەلیم لە رۆژێ لەرۆژەکانی بەهارو لە سەرەتای مانگی ئاداری ١٩٩١ دا لەگەڵ گۆڵاڵە بەهاریەکانی کوردستان چاوی کردووتە وەو بەم جیهانە گەشاوەتەوە، ئەو دەمەساڵیان لە ئێران بوو و لە ئاوارەیی دوور لە کوردستان دەژیان.

پاش راپەرینی ١٩٩١ وەک هەزاران کوردی ئاوارەی گەراوەتەوە کوردستانی ئازاد و بەدیداری وولاتی باب و باپیران شاد بووتەوە.

ئادار دەربارەی سەرەتای ژیانی خۆی دەڵێت:-

(( زۆر شەیدای ئاڤان (بێژەری منداڵانی Ktv دهۆک) بووم. بەردەوام هەوڵم دەدا لاسایی ئەو بکەمەوە ووەک ئەو قسە بکەم و بەماڵەوەم دەگوت حەز دەکەم وەک ئاڤان لە تەلەفزیۆن کار بکەم. پێش پێنج ساڵ براکەم بردمی بۆ تەلەفزیۆن و پاش ئەوەی پەروین خانی بێژەر پێشوازی لێکردم و تاقی کردمەوە و لەوێ وەرگیرام، رۆژی پاشتر دەستم بەکار کرد و ئاواتی گەورەم هاتە دی.

ئادار لە بەردەوامی قسەکانیدا دەڵێت:- بێ گۆمان هیچ کاتێک مامۆستای هەموو منداڵان (پەروین عەبدولعەزیز) لە بیرناکەم کە وەک دایکێکی میهرەبان و مامۆستاییکی چالاکی فێری خۆراگری مرۆڤبەروەری کردین، هەروەها سوپاسی کەس و کارم و گشت بینەران دەکەم کە بەردەوام دەستخۆشیم لێدەکەن و هاندانم دەکەن. ئادار لە پۆلی سێی ناوندی یە، زۆری حەز لە واتەی مێژوو و زیندەوەرزانیە، بەئومێدە لە پاشەرۆژدا ببێت بە پزیشکی بەیتەری ئەمەش لە بەر ئەوەی زۆری حەز لە گیانەوەرانە و دەیەوێت نەخۆشیەکانیان چارەسەرکات، هەروەها حەز دەکات ببێت بە ئەکتەرو لە چەند فلمێک دا رۆڵی سەرەکی ببینێت.

ئادار شەیدای گۆرانی و هەڵپەرکێیە و ئارەزووی وەرزشە بەتاییەتی تۆپی پێ و غاردان، لەرەنگەکانیش حەزی لە رەنگی هەناری و مۆرە. و لە وەرزەکانیش خۆی لە وەرزی بەهاردا پێی ناوەتەژیانەوە و بۆیە حەزیشی لە وەرزی بەهارە.

ئێمەش هیوای سەرکەوتن بۆ ئاداری گۆڵاڵەی جیهانی منداڵان دەخوازین و هیواداریین هیواو ئومێدی ئەو و گشت منداڵانی کوردستان و جیهان بێتە دی.